ئەو زمانەی کە مەبەستمانە بەفەرمیی بناسرێ هەمان ئەو زمانەیە کە زانای خوالێخۆشبوو (تۆفیق وەهبی بەگ) رێنووسی بۆ داناوە، زمانی یەکەمین حکومەتی کوردیی، حکومەتەکەی شێخ مەحمود و کۆماری مەهاباد بوو، پاشان ساڵی 1959 لە کۆنفرانسی گشتیی ماملۆستایان لە شەقلاوە جەخت لەسەر بەفەرمیی ناسینی کراوەتەوە، دواتر سەرکردەی خوالێخۆشبوو بارزانیی یەکەم و پارتیی دیموکراتی کوردستان لەدوای رێکەوتننامەی ئاداری 1970وە پشتگیریی ئەو هەنگاوەیان کردووە، بەتایبەتیی لەبواری پەروەردەدا. هەربۆیە هەنگاوێکی نیشتمانیی و دۆزێکی چارەنووسسازە کە دەسەڵاتی کوردیی ئەو پێشینە مێژوویی و کولتووریی و سیاسییە بە فەرمیی زیندوو بکاتەوەو بیکاتە بڕیاری سیاسیی.

هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیی، هەرچەند خاوەن هێزو زەبر بێ ، ناتوانێ بەزۆر زمانێک دابتاشێ یان بەزۆر زمانێک لەناوبەرێت، بەڵکو دەتوانێ ئەو زمانەی، کە حوکمی واقیع دروستی کردووە، بە فەرمیی بناسێنێ و گەشەی پێبدا. پاشان زمان خۆبەخۆ، بەشێوازێکی سروشتیی، بە وشەو فرێزی شێوەزارەکانی تر، دەوڵەمەندتر دەبێ. بۆ ئەو مەبەستە هەندێجار دەسەڵاتی سیاسیی پەنا دەبا بۆ ژێدەرە پیرۆزەکان و کتێبە ئایینییەکان، وەک لە ستاندەردایزی هەردوو زمانی عەرەبیی و عیبرییدا، بەپشتبەستن بە زمانی قورئان و زمانی تەورات، پەنای بۆ بردرا. هەندێجاریش دەسەڵاتی سیاسیی پەنادەبا بۆ ژێدەرە کولتوورییەکان، وەک لە ستاندەردایزی هەردوو زمانی فارسیی و تورکییدا پەنای بۆ بردرا، کاتێ زمانی باوی ئەدەبیی لە شارە گەورەکانی وەک شیرازو تاران و ئیستەنبوڵدا بە فەرمیی بڕیاریان لەسەر درا. یاخود لە وڵاتی فڕانسە زمانی ئەدەبیی پاریس، لە ئیتالیا زمانی کولتووریی فلۆرێنس و لە زمانی چاپنییدا شێوەزاری بەیجین کران بە بناغەی زمانی ستاندەردو لەڕووی سیاسییەوە بەفەرمیی ناسران .

سەبارەت بە ستاندەردایزی زمانی کوردیی، ئێمە وەک کۆمەڵێک نووسەرو ئەدیب و ئەکادیمیست و رۆژنامەنووسی کورد، پێمانوایە و باشتر وایە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، سوود لە ئەزموونی دووەم وەربگرێ، واتە بەلەبەرچاوگرتنی ژێدەری کولتووریی لە هەرسێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستان لە کۆی چوار پارێزگاداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کتێبخانە گەورەیەی کە لە سەردەمی میرنشینی بابانەوە شاکاری ئەدەبیی و کولتووریی و رۆژنامەوانیی و وەرگێڕانی جۆراوجۆری تێدەڕژێ. تا

لە کۆتاییدا هیوادارین لە دڵسۆزییمان بگەن و ئەم غەمە بە هێند وەربگرن...
لەگەڵ ڕێزماندا...

**15-04-2008**

1. ئارام کاکەی فەلاح
2. ئارام ڕەفعەت
3. ئارێز سمکۆ حوسێن
4. ئازاد بەرزنجی
5. ئازاد سوبحی
6. ئاسۆس هەردی
7. ئەحمەد میرە
8. د. ئەلبێرت عیسا
9. د. ئەنوەر قادر جاف
10. ئەنوەری ڕەشی عەولا
11. بەختیار عەلی
12. بەختیار کەریم
13. تابان کەمال عەلی
14. تاریق فاتیح
15. جەمال عەبدول
16. چۆمان هەردی
17. حوسێن عارف
18. دارای مەحامی
19. دانا ڕەووف
20. دڵشاد حەمە
21. ڕابەر فایەق
22. د. ڕەفیق سابیر
23. ڕەووف بێگەرد

